پارێزگارەکوردەکەی حەسەکە: بە جیاوازی خزمەتی هەموو پێکهاتەکان دەکەین

نورەدین عیسا ئەحمەد وەک پارێزگاری حەسەکە لە رێژنا ڤای کوردستان دەستبەکاربوو، بەمەش بووە یەکەم پارێزگاری کورد کە ئەو پستە لەو شارە وەربگرێت و نوێنەرایەتی راستەقینەی خواست و داواکارییەکانی کوردو هەموو پێکهاتەکانی دیکە بکات.

نورەدین عیسا ئەحمەد، دوای رێککەوتنی هێزەکانی سوریای دیموکرات و حکومەتی دیمەشق، لەسەر پێشنیاری هەسەدە وەک پارێزگاری حەسەکە دەستنیشانکراو پاش گەیشتنیشی بەشارەکە رایگەیاند: ئەم دەستکەوتە بە هەنجی شەهیدان، وەاتپارێزان و گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوە هاتە دی، کە سانکە بۆ ئەم هێژە تکشانیان کردووە.
ئاماژەی بەوەشکرد: ئەمە یەکەمجارە پارێزگاری پارێزگای حەسەکە کەسکی کورد بێت، بەهام ئەمە لەسەر یەکێتی و هاوپشتیی پێکهاتەکان کار دەکەین و دەزگاکانمان بۆ خزمەتی گەل بەهێز دەکەین.

نورەدین عیسا ئەحمەد، رێژی 4ی2026 وەک کاندیدی پارێزگار دیاریکراو گەیشتە شاری

حەسەکەو بە گەرمی لەلایەن دانیشتووانی شارەکەوە پێشوازی لێکرا.

دیاریکردنی نورەدین عیسا بەشکە لەخالەکانی رێککەوتنی هەسەدە و حکومەتی سوریا، کە لە 30یانی2026 لەسەری رێککەوتن، کە یەکێك لەخالەکان ئەوەیە پارێزگارێك بە حەسەکە بەپێشنیاری هەسەدە دەستبەکاربێت، ئەمە جگە لەوەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەشارەکە دەمێننەوەو هێزەکانی حکومەتی سوریا ناچنە شار و گوندە کوردییەکانەوە.

نووره‌دین ئه‌حمه‌د له‌ساڵی 1969 له‌شاری قامیشلۆ له‌دایکبووه‌، هه‌ڵگری بڕوانامه‌ی دیپلۆمه‌ له‌ئه‌ندازیاریی میکانیك و کاره‌با له‌زانکۆی دیمه‌شق، له‌ ساڵی 1993ـه‌وه‌ وه‌ك ئه‌ندازیار له‌به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی په‌یوه‌ندییه‌ ته‌ل و بێته‌له‌کان له‌حه‌سه‌که‌ و قامیشلۆ کاریکردووه‌ و له‌ ساڵی 2012وه‌ چووه‌ته‌ ناو بواری سه‌ربازی و به‌رگری له‌ناوچه‌که‌، پله‌کانی بڕیوه‌ تا پۆستی به‌رپرسی په‌یوه‌ندییه‌ گشتییه‌کانی له‌هێزەکانی سووریای دیموکراتیك وه‌رگرتووه‌ دوای دامه‌زراندنی له‌مانگی10ی ساڵی 2015 هه‌روه‌ها ئه‌ندامی فه‌رمانده‌یی گشتیی هێزەکان بووه‌.

رێککەوتنی هەسەدە و حکومەتی سوریا، دوای ئەو بەرخدانە بوو کە شەڤان لەبەرەکانی حەسەکە و قامیشلۆ و کۆبانێ ئەنجامیانداو رێگریان لە هاتنی چەکدارانی حکومەتی سوریا بۆ رۆژئاڤا کرد، ئەمەش دوای ئەوە بوو، کە مەزڵوم عەبدی رێککەوتنی 18یانی2026ی رەتکردەوەو رایگەیاند: بەرگری لەگەلەکەمان دەکەین، ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ رێککەوتنکی گشتگیرتر کە پارێزگاری لەتایبەتمەندی ناوچە کوردییەکان و مانەوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات بکات وەك کوتلەیەکی سەربازی،ئەمەش جگە لەوەی بەپێی رێککەوتنەکە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، پارێزگاری لە سەقامگیری ناوچە کوردییەکان دەکەن و هێزەکانی ئاسایشی سوریاش بۆ شوەیەکی کاتی لەچوارگۆشەی ئەمنی جێگیر دەکرێن، بەبێ بوونی هیچ ئەرکێك.